Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090114

# ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە (کەناڵەکانی کورد ماکس، نێت تیڤی، کوردماکس شۆ، بەنموونە)

ئارام محمد سعید

هەژار قادر ابراهیم

سیڤان عمر إسماعیل

بەشی باخچەی ساوایان// کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت// زانکۆی ڕاپەڕین

*rticle Info*

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

*Keywords*

دراما ، دراما وەرگێردراوەکان ، خێزان، دراما تورکییەکان

*Corresponding Author*

aram.mohammed89@uor.edu.krd-hazhar.qadr@uor.edu.krd
sivan.omar@uor.edu.krd

**پوختە**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە، وە زانینی جیاوازی ئاستی ڕۆڵی دراما تورکیە وەرگێردراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی پارێزەر، توێژەران بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پێوەرێکیان ئامادەکردوە بە پشت بەستن بە پێوەری توێژینەوەی (أسامة، ٢٠١٧) وە سود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی پێشوو، سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پارێزەرانی هەردوو فەرمانگەی دادوەری ڕانیەو حاجیاوا بۆ ساڵی ٢٠٢١، کە پێکهاتوە لە (١٨٠) پارێزەر، دوای ئەوە بە شێوەی هەرەمەکی سادە (٧٠) پارێزەر وەك نموونەی توێژینەوەکە لە هەردوو فەرمانگەی دادوەری ڕانیەو حاجیاوا هەڵبژێردراوە، گرنگترین ئەو کەرەسەتە ئامارییانەی بەکارهاتوون پێکهاتوە لە، الفاکرونباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری بەکارهاتوو، و (T.test) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ و دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە، دوای کۆکردنەوەی داتاکان داخڵ کردنیان بە هەگبەی ئاماری (SPSS) ئەنجامەکان ئەوەی دەرخست کە لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە دراماکان ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕن لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانیەکان و جیاوازی نیە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی پارێزەر، لە کۆتایدا بە پشت بەستن بە ئەنجامی توێژینەوە توێژەران چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکیان خستە ڕوو.**

## پێشەکی:

### ١- ناساندنی توێژینەوە

### ١-١- کێشەی توێژینەوە

لە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتییدا گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیا بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندندا بوەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، تاکو کاریگەریە نەرێنیەکانی کەم بکاتەوە، سەردەمی ئێستا بە سەردەمی جیهانی بچوکراوە ناسراوە لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، ئەمەش بەشێکی بەهۆی کەناڵە ئاسمانیەکانەوەیە توانیویەتی هەموو سنورەکان تێپەڕێنێت و ڕۆڵ بگێڕێت لە دروستکردنی بنچینەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و گۆڕینی بیرۆکە و ئاراستەی تازە، هەندێکجار دەتوانێت بەها و عاداتەکانی کۆمەڵگاکانیش بگۆڕێت، تەنانەت کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستکردنی چەمك و بیرۆکە زانەکییەکان، کە ئەمەش ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕێت.

وە لەم چەند ساڵانەی دوایدا ئەو کەناڵە ئاسمانیانەی کە بەزمانی کوردی پەخش دەکەن لە زیادبووندان ئەمەش وای کردوە وا لە بینەری کورد بکەن، کە بەشی زۆری کاتەکانی بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن لە دیار کەناڵە کوردیەکان بەسەر بەرن، زۆر بوونی ئەم کەناڵانە تەنها لە ڕوی ژمارەوە نەبووە بەڵکو لە شێوازی پەخش و جۆراو جۆری بەرنامەکانیشەوە بووە، وە یەکێك لەو پەخشانەی کە دەکرێت لەم کەناڵانەوە بریتییە لە پەخشکردنی درامای وەرگێڕدراوەکانی کە بەزمانی بیانی بەرهەم هێنراون و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لە دیارترینیان دراما تورکییەکانن، کە ئەم درامایانە بونەتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین کێشە لە خێزانەکاندا بەهۆی بەراوردکردن لەگەڵ ئەکتەرەکان و داواکردن هاوسەران لەیەکتری وەک پاڵەوانی زنجیرەیەکی دیاریکراو بێت، چونکە ئەمانە بوونە پێوەرێک بۆ جوانی ڕوخسار و ڕەفتار لە چاوی ئەواندا و بەهاکانی تریان پشتگوێ خستووە (المحمدی، ٢٠٢٠: ١٧٥) وە هەروەها کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر تاك هەیە، کە دانیشتنی زۆر لەبەردەم شاشەی تەلەڤیزیۆندا، کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی، و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، وەکو توند و تیژی و ئارەزووی دەستدرێژی و لادانی کۆمەڵایەتی، لەوانە لاساییکردنەوەی ئەو ڕوداوانەی لە فیلمەکانی توند و تیژی و تاوانەکان دەیبینن (المناصیر، ٢٠١١: ٣٥-٣٦).

(المصری،٢٠١٣) ئاماژە بەوە دەدات کە دراماکان هەندێك ڕەفتاری نەرێنی لای بینەران دروست دەکەن بە تایبەتی لە روانگەی (ئاینی و گوێڕایەڵی باوان و لایەنی ئاکاری و ناپاکی هاوسەری و توندوتیژی و لادانی کۆمەڵایەتی و تۆڵە سەندنەوە)(المصری، ٢٠١٣: ٣٩٠-٣٩٣)، وە بە هەمان شێوە بە بڕوای هەندێك شارەزایانی بواری دەروونی و پەروەردەیی لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەرنامە و وتاری تایبەت، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بەوەداوە کە ئەم دراما دۆبلاژکراوانە ڕۆڵی نەرێنیان هەبووە لەسەر تاکی کوردی، لەم ڕوانگەیەوە توێژەران بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی پەروەردەیی و دەروونی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە ئایا دراما دۆبلاژ کراوە تورکیەکان تا چەند ڕۆڵیان هەیە لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانیەکان؟

### ١-٢- گرنگی توێژینەوە

لە ئێستادا تەلەفزیۆن یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کە بەشداری لە پێکهێنانی بیروبۆچوونە هەمەجۆرەکان دەکات، لەڕێگەی بەرنامە جۆراوجۆر و فرە ناوەڕۆکەکانی، بە دەنگ و وێنەوە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، بە ڕاکێشانی سەرنجی مرۆڤ لە ڕێگەی کارکردنی لەسەر هەردوو هەستی بینین و بیستنی مرۆڤ، کە ئەم دوو هەستە بە تەواوی لە هاوئاهەنگیدایە و یارمەتیدەرە بۆ دانیشتن بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکی درێژ بەرامبەر بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، کە زۆربەی کات بۆ چەندین کاتژمێر دەمێنێتەوە، وە تەلەفزیۆن یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرە سەرەکیەکان لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوون لە ڕێگەی پەخشکردنی زانست و زانیاریەوە کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ و بەها و کلتور و بۆچوون و ئاراستە و زانیاری تاک هەبێت، هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەرێنی هەیە، بە تیشک خستنە سەر بەهرە تازەکان لە جیهاندا و دامەزراندنی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتی و کلتووریەکان و گۆڕینی هەڵسوکەوتی تاکەکان بۆ باشتر(المناصیر، ٢٠١١: ٣٥-٣٦).

لە دیارترین بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دراماکانن بە هەموو شێوە جۆراو جۆرەکانی، بەتایبەتی زنجیرە دراما دۆبلاژکراوەکان کە یەکێکە لەو بەرنامانەی زۆرترین بینەریان هەیە لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان و ناوەڕۆکیان هەمە جۆرە لە ڕووی فۆرمی هونەریەوە، جگە لە ڕووناکی، وێنە و دەنگ و کاریگەری جیاواز بەکاردێنێت بۆ خستنەڕووی دیمەنی دراماتیکی و ڕووداوەکان ئەمانەش کاریگەری دەکاتە سەر بینەران، بەمەرجێک مامەڵە لەگەڵ بابەتی جیاوازدا بکات،بەتایبەتی بۆ چێژ بینین، کات بەسەربردن، ستایشکردنی مێژوو، یان دەربڕینی پرسە سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سۆزداریەکان ئەمەش پەیوەستە بەکوالێتی زنجیرە دراماکە و سروشتی ئەو بابەتەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و ئەم زنجیرانە بوونەتە پەیامی میدیایی بەهێز کە پێدەچێت بیرۆکەی مانادار هەڵبگرێت سەبارەت بەوەی کە لەکۆمەڵگادا دەگوزەرێت لە بابەتی ژیان و کێشە هاوچەرخەکان (خدیجە و أمینە،٢٠٢٠: ٩).

بەشێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بە ڕۆڵ و گرنگی دراماکان دەدەن لە فێرکردنی ڕەفتاری جیاواز بە پێی تەمەنە جیاوازەکان، وەکو (محمد، ٢٠٠٣) لە توێژینەوەکەیدا ئەوەی خستۆتە روو هەرچەندە مرۆڤ لە تەمەنی پێگەیشتوودا بێت، دراماکان کاردەکاتە سەر گۆڕینی ڕەفتار و ئاراستەکانی بەڵام جیاوازی هەیە بە پێی ئاستی بروانامەکەی تاوەکو بروانامەی بەرزتر بێت کاریگەری دراماکان کەمتر دەبێت، وە (مصطفی، ٢٠٠٦) ئەوەی دەرخستووە کە دراما بیانیەکان کاریگەری زیاتریان هەیە لەسەر گۆڕینی بیربۆچون و ڕەفتاری تاکەکان لەبەر ئەوەی بیرۆکە و ڕەفتاری تازە پێشکەش دەکەن بەراورد بە ژینگەی بنچینەی تاك(العبسی، ٢٠١٣: ١٨)، وە (طوال، ٢٠١٩) لە ئەنجامی توێژینەوەکەی ئەوەی بەدەستخستوە ڕەگەزی مێینە زیاتر سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن بەراورد بە نێرینە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو دراما وەرگێڕدراوەکان ڕۆڵیان هەیە لە بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینیەکانیان و ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی بۆنە کۆمەڵایەتیەکانیان هەر لە پۆشینی جل و بەرگ و ئاهەنگ گێڕان و دەرچوون لە بەها سەرەکیەکانی خۆیان (طوال، ٢٠١٩: ١٤٤)، وە بە هەمان شێوە (الدلیمی و حسین،

٢٠١٦) ئەوەیان دەرخستووە کە سەیرکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان کاریگەری هەیە لەسەر دواکەوتن لە خوێندن لای نمونەی توێژینەوەکەیان و ڕۆڵی نەرێنی دەگێریت لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان بەگشتی و بەتایبەتی لە هاندانی لادانی سێکسی (الدليمي و حسين، ٢٠١٦: ٨٢).

(مزاهره، ٢٠١١) ئاماژە بەوە دەدات زنجیرە دراما تورکیەکان کاریگەری لەسەر تاکەکان دروست دەکەن بەهۆی سەرنجیان لە دیمەنە سۆزداریەکانیان، وە ئەو ڕۆمانسیەتە لە زنجیرەکانی تر کەمتر بەدی دەکرێت، وە ئەم زنجیرانە چەند لایەنی ئەرێنی هەیە لە گۆڕینی هەڵوێستی چەند هاوسەران بۆ ئەوەی بەپێی بارودۆخی هاوشێوەی دراماکان چارەسەری کێشە خێزانیەکانیان بکەن، کە بەهۆی بۆشایی سۆزداریەوە دروست دەبێت (المصري، ٢٠١٣: ٣٦٦)، وە زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زیاتر هانی بینەر دەدەن کە بە توند وتیژ چارەسەری کێشەکانیان بکەن و بە ناپاکی خێزان ڕوحی تۆڵەسەندنەوە بڵاو دەکەنەوە (أبو السعود، ٢٠١٥: ١٧٥).

بابەتی دراما دۆبلاژکراوەکان یەکێکە لە بابەتەگرنگەکان ناکرێت پشتگوێ بخرێت و تەنها بە بابەتێکی کات بەسەربردن و بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئاسایی سەیر بکرێت چونکە ئەم بەرنامانە جگە لەوەی کە بۆ چێژ بەخشین و هەندێك ڕوداوی ژیانی مرۆڤەکانن بەڵام لە دیوێکی تری جۆریکە لە پیشەسازی و بڵاوکردنەوەی عادات و کلتور و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی تایبەت بەو ناوچە و شوێنەیە کە لێی بەرهەم دەهێنرێت، کە ئەمەش دەکرێت زیان بەو کۆمەڵگەیە بگەیەنێت کە لێی پەخش دەکرێت (بن صالح، ٢٠١٧: ١١٦-١١٧).

١-٣- ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١. زانینی ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە.
٢. زانینی جیاوازی ئاستی ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی پارێزەر.

١-٤- سنووری توێژینەوە

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پارێزەرانی هەردوو فەرمانگەی دادوەری ڕانیە و حاجیاوا بۆ ساڵی ٢٠٢١.

١-٥- پێناسەی چەمکەکان

١. دراما: توێژەران لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بنەڕەت وشەی ئینگلیزی (Drama) لە وشەی لاتینییەوە (Dram) وەرگیراوە، کە چیرۆکێکە نمایش دەکرێت، یان کاری بۆ دەکرێت و پێشکەش بە ڕای گشتی دەکرێت، ئەم چیرۆکە لە لایەن کۆمەڵێک ئەکتەرەوە بە چەند وەسیلەیەکی هونەری دیکۆر، ڕووناکی، کاریگەری دەنگ پێشکەش دەکرێت و دەکرێت ئەم چیرۆکە لەسەر شانۆ، ڕادیۆ، سینەما یان تەلەفزیۆن پێشکەش بکرێت (المصري، ٢٠١٠: ٣٣).
٢. زنجیرە دراما: ئەو کاری هونەریەیە کە لە ژمارە یەک بەشی یەک لە دوای یەک پێکهاتوە و لە بیرۆکە و ئامانجدا یەکدەگرێت و ئەو کاراکتەرانەی تێدایە کە بە گرووپ کراون و لە دەوری بابەتێکی بەنرخ یان مرۆیی دەسوڕێتەوە و تێیدا کلتوری کارەکتەرەکان ژینگەی کلتوری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە کۆنترۆڵکردنی ململانێ و کۆنترۆڵکردنی هەڵوێست و ڕەفتارەکان (بوحمده، ٢٠١٧: ٥٨).
٣. درامای تورکی: زنجیرەیەک ئەڵقەی دراما یەک لەدوای یەکە، دەقە ڕەسەنەکە بە تورکی نووسراوە لە لایەن ئەکتەرانی بەڕەگەز تورك نمایش دەکرێت و ڕۆڵی تێدا دەگێڕن کە چەندین کۆمپانیاو کەناڵ ئەرکی بەرهەم هێنان و پەخشکردنیان لە ئەستۆدەگرن (طوال، ٢٠١٩: ١٤٦).
٤. دراما تورکیە وەرگێردراوەکان: بریتییە لە تێکەڵکردنی دەنگی زمانی کوردی کە لە زمانی تورکیەوە وەردەگێڕێت بەو وشانەی لە زاری قسەکەری تورکییەوە دەوترێت، دیارە کەسەکە وەک ئەوە وایە بە کوردی قسە بکات زنجیرەکە درامایەکی درێژە، بۆ نمایشکردن لەسەر ئەڵقەکان دیزاینکراوە و وا ڕێکخراوە پیشاندانەکە بە زنجیرە کاریگەر بێت لە کاتی یەک لەدوای یەک، چ بە پەیوەندی یان بە جیا (مغازی، ٢٠١٦: ٢١).

یان زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی تورکیە کە لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان پێشکەش دەکرێت، کە ڕوداو و کێشە سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت، نواندن دەکرێت لە لایەن ئەکتەرانی تورک، وەرگێڕدراوە لە زمانی تورکییەوە بۆ زمانی کوردی (شاهين، ٢٠١٤: ١٨).

یان کۆکراوەیەک لە بەرهەمی هونەری کە لەلایەن دەرهێنەران و ئەکتەرەکانی تورکیاوە پێشکەش دەکرێت، کە زنجیرەیەک ڕووداوەی دیاریکراوە، لە کەناڵە ئاسمانیەکان پێشکەش دەکرێت، بە ئاوازێکی سادە و ناسراو وەرگێڕدراوە بۆ زمانی بینەر (شولي وبحلق، ٢٠١٨: ٢٨).

٥. خێزان: بریتییە لە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆی ناو کۆمەڵگە، لەسەر چەند ڕەگەزێکی بایۆلۆژی و دەرونی و کلتوری دروستبووە (الجوهري، ١٩٩٨: ١٢٥).
٦. پارێزەر: ئەو کەسەیە کە بروانامەی زانکۆی لە بواری یاسا لە یەکێك لە زانکۆکانی عێراق یان دەرەوە بەدەست هێنابێت، بە مەرجێك زانکۆ کە باوەڕ پێکراو بێت لە عێراق، وە ئەندامی سەندیکای پارێزەران بێت (قانون المحاماه رقم ١٧٣ لسنه ١٩٦٥)

٢-چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

٢-١- خێزان

أوجبران نیمکسوف پێناسەی خێزان دەکات وەک "بۆندێکی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و مێرد و منداڵ یان بێ منداڵ، یان لە باوکێك لەگەڵ منداڵەکانی یان دایکێك یان ژنێکی تاک لەگەڵ منداڵەکانیدا"(حسن،٢٠٠٠: ٨)، خێزان یەکەم خانەیە لە کۆمەڵگەدا، لە کۆمەڵە خێزانێکەوە کۆمەڵگە دروست دەبێت، خێزان بەردی بناغەی پێکهێنانی کۆمەڵگایە، کە بریتییە لە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆی ناو کۆمەڵگە، هەروەها خێزان لەسەر چەند ڕەگەزێکی بایۆلۆژی و دەرونی و کەلتوری دروستبووە، هەموو ئەندامانی خێزان وابەستەی یەکترن، خێزان دەزگایەکە لە دەزگاکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، لە ناو خێزانەوە

یەکەم هەنگاوی ژیانمان دەست پێدەکەین، بە کەش و هەوای خێزان ڕادێین و سەرچاوەی ڕەفتارەکانمانە، کۆڵەکەی یەکەمی ڕێکخستنی بیرۆکەکانە، خێزان پێویستیەکی سەرەکی مانەوەی ڕەگەزی مرۆییە (الجوهری، ١٩٩٨: ١٢٥).

**٢-٢- تایبەتمەندییەکانی خێزان**

کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە خێزان جیادەکاتەوە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر، ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن :

١. خێزان گوزارشتە لە کۆمەڵێك تاك کە کارلێککردن و پەیوەندی ئاڵوگۆڕی لەنێوانیاندا هەیە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەگێڕن وەکو ژن ومێرد، دایك و باوك، کوڕ و کچ، خوشك و برا، ئەم ڕۆڵانەش لەلایەن کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێن و پاڵپشتی دەکرێن بە لایەنی سۆزداری و داب و نەریت و هەڵچوونەکان کە سەرچاوە دەگرن لە ڕووداوەکان و ئەزموونەکان.

٢. خێزان لە چەند تاکێك پێکدێت کە پەیوەندی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە وەکو پەیوەندی هاوسەرگیری و بەخێوکردن و پەیوەندی خوێنی، پەیوەندی نێوان ژن و مێرد بریتییە لە پەیوەندی هاوسەرگیری، وە پەیوەندی نێوان باوان و منداڵەکانیان بریتییە لە پەیوەندی خوێنی و هەندێك جار پەیوەندی بەخێوکارانە.

٣. ئەندامانی خێزان بەیەکەوە دەژین و خێزان پێکدەهێنن، وە هەندێك لەو خێزانانەش بەجیا ژیان دەگوزەرێنن و خێزانی گەورە پێکدەهێنن لە سێ یان چوار یان پێنج نەوە پێکدێت، هەروەها خێزانی بچوك و دیاریکراو هەیە کە پێکدێت لە ژن و مێرد بە بێ منداڵ.

٤. خێزان ڕۆشنبیرییە بنەڕەتییەکانی وەردەگرێت لە ڕۆشنبیری گشتییەوە، بەڵام لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکان هەریەك لە خێزانەکان تایبەتمەندی و ڕۆشنبیری جیاوازی هەیە لە ئەنجامی ئەزموون و پەیوەندییەکانی ئەندامانی خێزان و تێکەڵبوونی جۆری ڕەفتارەکانیان لە ڕۆشنبیری خێزانەکان.

٥. کۆمەڵگا جەخت لەسەر ئاسایش و پاراستنی خێزان دەکاتەوە لەڕێگەی یاساو ڕێسا و قەدەغەکراوە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوە گرنگی زۆر دەدەن بە ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵگاکان گرنگی بە خێزان دەدەن( الخميسي، ٢٠٠٠: ١٦٧).(علي، ٢٠٠٦: ١٧١-١٧٠)

کۆمەڵێك تایبەتمەندی تر هەیە کە گوزارشت لە خێزانی سەرکەوتوو دەکەن:

- هەبوونی هێزی بڕیاردان: خێزانە سەرکەوتووەکان خاوەن ویست و بڕیاری خۆیانن و لەکات و ساتە هەستیارو گرنگەکاندا نەك هەرتەنها توانای ئەوەیان هەیە بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵکو دەتوانن بوێرانە ئەو بڕیارانە لە واقعی ژیاندا بسەلمێنن و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و بەڵام پەلە ناکەن لە بڕیارداندا و بە پێوەرێکی زانستیانە و بابەتیانە بڕیار لەسەر بابەتە چارەنوس سازەکان دەدەن.
- هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی: گشت ئەندامانی خێزانی کارا و سەرکەوتوو هەست بە بەرپرسیاریەتی مرۆڤانەی خۆیان دەکەن بەرانبەر بە یەکتری و ئەندامانی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی، بۆیە زۆر بە بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ڕەووتی ڕووداوەکان دەکەن و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان بە باشترین شێوە ئەرك و بەرپرسیاریەتی خۆیان جێبەجێ بکەن.
- هەبوونی پلان و بەرنامە بۆ ژیان: پلان و بەرنامە داینەمۆی ژیانە، بەبێ پلان، ژیان هیچ مانایەکی نابێت و مرۆڤ ناتوانێ تێیدا سەرکەوتوو بێت و پێبگات و لە هەورازە سەختەکانی ژیان سەرکەوێت.
- هەبوونی ئامانج: تایبەتمەندییەکی دیکەی خێزانی کارا و سەرکەوتوو، هەبوونی ئامانجێکە لە ژیاندا، چونکە گرنگی ئامانج لە ژیاندا، وەك گرنگی ڕوحە بۆ جەستە، بەبێ ئامانج ئەستەمە مرۆڤ لە ژیاندا سەرکەوتووبێت و بتوانێ خەونەکانی بێنێتە دی، خێزانە سەرکەوتووەکان لە بۆشاییدا ژیان بەسەر نابەن و هەمیشە کاردەکەن بۆ ئەو ئامانجانەی، کە لە ژیاندا هەیانەو نەخشەیان بۆ کێشاوەو پلانیان بۆ داناوە.
- هەڵسوڕاندنی کارەکان بە پرس و ڕاوێژ: بنەمای پرس و ڕاوێژ کۆڵەگەیەکی بەهێزی خێزانە سەرکەوتووەکانە، بۆیە هیچ کارێك بەبێ پرس و ڕاوێژ ئەنجام نادەن، چونکە لەڕێگەی پرس و ڕاوێژەوە پەی بەزۆر نهێنی و ڕاستی شاراوە دەبەن و دەتوانن گرێ کوێرەکان بکەنەوە و دەرمانی زۆر دەرد بدۆزنەوە و جوانی بە ژیان ببەخشن، هەروەها پرس و ڕاوێژ هۆکارێکە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری خێزانی و ڕێزگرتن لەیەکتری و یەکتر خوێندنەوە و چاندنی تۆوی خۆشەویستی لەناو دڵ و دەرونیاندا.
- دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان: خێزانە سەرکەوتووەکان هەرگیز چارەنوسی خۆیان نادەنە دەست قەیران و گرفتەکان و ناهێڵن کێشەکان کەڵەکە ببن و بەبێ چارەسەر بمێننەوە، بەڵکو زۆر بەووردی پەنجە لەسەر کێشەکان دادەنێن و هۆکار و نیشانەکانیان دەستنیشان دەکەن ئینجا چارەسەری گونجاو بۆ هەر کێشە و قەیرانێك دەدۆزنەوە و ناهێڵن لەناو جەستەی خێزاندا گەشە بکەن و ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنیان دروست بکەن و ڕەوڕەوەی ژیان لەکارو کۆشش بوەستێت (جگەرسۆز، ٢٠١٥، ٩٩-١٠١).

**٢-٣- ئەرکەکانی خێزان**

شێوەی ژیانی خێزانی هەمەچەشنە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە و تەنانەت لەناو یەك کۆمەڵگەش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاوازە، بە گۆڕانی زەمەن ئەرکەکانی خێزان گۆڕانیان بەسەردا دێ، بۆیە بەراورد بە ڕابردوو، ئێستا گۆڕانکاری زۆر بەسەر ئەرکەکانیدا هاتووە، خێزان لە چاخە کۆنەکاندا سەرجەم ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی لە

چوارچێوەی ئابوری و ئایینی و ئاکاری و دادگایی و پەروەردەیی خۆیدا لەئەستۆ دەگرێت، خێزان دەزگایەکی ئابوری بوو، هەروەها دەزگایەکی یاسایی بوو کە یاسای دادەڕشت و سنوری دادەناو مافی دەبەخشی و ئەرکی دەسەپاند هەروەها دەزگایەکی سیاسی جێبەجێکاری بوو کە سەرپەرشتی کاروبارە سیاسییەکانی دەکرد، سەرەڕای ئەوانەش خێزان دەزگایەکی دادوەری بوو کە ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان ئەندامەکانی چارەسەر دەکرد، و مافی بۆ خاوەن ماف دەگەڕاندەوە، سەرەڕای سزادان و یاسا پاراستن و سزادانی دەستدرێژی کاران، لەپاڵ ئەوەشدا دەزگایەکی ئایینی ئاکاری و پەروەردەیی بوو، بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و پیشەسازی و شارستانیەتەوە ئەرکەکانی خێزان کەمبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکەکانی خێزان تارادەیەك لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هاوشێوەیە، بگرە دەکرێ بڵێین نهێنی کاریگەری خێزان وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکانەی کە بۆ کۆمەڵگە ئەنجامیان دەدا و یارمەتی مانەوەی کۆمەڵگە دەدا، هێشتا خێزان چەند ئەرکێکی سەرەکی لەدەستدایە و گرنگترینیشیان ئەمانەی خوارەوەن (کمال، ٢٠٠٥: ٣١-٣٢):

١. ئەرکی ئابووری: ئەرکی ئابووری لە ئەرکە گرنگەکانە لەژیانی خێزاندا، چونکە کارەکەیان پشت بە سەرچاوەکانی دارایی و ئابووری دەبەستێت، ئابووری بەشێوەیەکی فراوان بەشداری دەکات لە تێرکردنی پێداویستییە ماددییەکانی ئەندامەکانی خێزان "جیهانی ئابووری بنەمایە بۆ دامەزراندنی ژیانی خێزانی" بیرۆکەی پێکەوە ژیان و دامەزراندنی خێزان بەستراوەتەوە بەو ڕادەیەی توانای مێردەکە، تاچەند توانای ئەنجامدانی بەرپرسیارێتی ئابوورییەکانی وەك ئامادەکردنی مەراسیمی هاوسەرگیری و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون هەیە(الصدیقي وآخرون، ٢٠٠٤: ٦١).

٢. ئەرکی تەندروستی: خێزان ئامرازە بایۆلۆجیەکان بۆ کۆمەڵگا دابین دەکات، لە ڕێگەی بەرهەم هێنانەوە، کە لەم ڕێگەیەوە بەردەوامبوونی جۆری مرۆڤ مسۆگەر دەکات، هەڵگری جینەکان دەگوازرێنەوە، بۆیە خێزان دەبێت تەندروست بێت، بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی منداڵان و زۆرێک لە زانایانیش جەخت لەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی جینیتیکیە پزیشکییە پێویستەکان دەکەنەوە پێش دەسپێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری، ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی خێزاندا هەیە، چونکە سەلامەتی تەندروستی دایکان و باوکان دەبێتە هۆی نەوەی تەندروست (علی،٢٠٠٥: ١٨٧).

٣. ئەرکی منداڵ خستنەوە و گەشەسەندن: خێزان دەرفەتی منداڵ خستنەوە و گەشەسەندن دەدا و ئەندامی تازە بە کۆمەڵگە دەبەخشێ بۆ ئەوەی پێداویستی کۆمەڵگە پڕبکەنەوە، هەموو ئەوانە لەپێناو مانەوەی ڕەگەزی مرۆیی و بەردەوامبوون و مانەوەی کۆمەڵگەدایە.

٤. ئەرکی پەروەردەیی: منداڵ کەتازە لەدایك دەبێ لەبارێکی تەواو بێ تواناییدایە، خێزان ڕۆڵێکی گرنگی لەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، یەکەمین گروپە کە منداڵ تیایدا فێری ڕێساکانی ڕەفتار و مامەڵەکردن و داب و نەریت و ڕێساکانی ئاین و ئاستەکانی چاکە و خراپە و جوانی و ناشرینی و چێژ و ئازار دەبێت، خێزان جاران و ئێستاش ئەرکی گواستنەوەی کولتوری لە نەوەی باوکانەوە بۆ نەوەی منداڵان لە ئەستۆیە، منداڵ لەڕێگەی خێزانەوە کەسایەتی خۆی بەدەست دەهێنێ، هەروەها لە ئەنجامی کارلێککردنی سەرەتای ژیانی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیی و ئەو هەڵوێستانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە ئەو کاردانەوە سۆزدارییانەی کە پێیاندا تێپەڕدەبێ، بوونی خۆی دروست دەکا (ال عبدالله، ٢٠١٤: ٧٦-٧٩).

٢-٤- پەیوەندیە خێزانییەکان و کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

یەکەم/ پەیوەندی نێوان باوان: دڵخۆشی هاوسەران دەبێتە هۆی پاراستنی خێزان و کەش و هەوایەکی یارمەتیدەر دروست دەکات بۆ گەشەی منداڵ لەڕووی هاوسەنگی و کەسایەتیەکی تەواو، وە گونجاوی و باشی پەیوەندی نێوان باوان دەبێتە هۆی تێرکردنی پێویستیەکانی منداڵ لەڕووی ئاسایشی دەرونی و گونجانی کۆمەڵایەتی، بەڵام خەمباری و دڵتەنگی هاوسەران دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان و کاریگەری دەکاتە سەر گەشەی منداڵ و دروستی دەرونی، هەروەها دەبێتە هۆی دروستبوونی کەش و هەوایەکی ناسەقامگیر لە خێزاندا ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی جۆری ڕەفتارەکانی منداڵ وەکو غیرەکردن و خۆپەرستی و ترس و شەڕانی و نەبوونی هاوسەنگی هەڵچوونی.

دووەم/ پەیوەندی نێوان باوان و منداڵ ( ئاراستەکانی باوان بەرەو منداڵ ): پەیوەندی و ئاراستە باشەکان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕازیبوون و متمانەبوون، یارمەتیدەرن بۆ گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ و ڕازیبوون بە ئەوانی تر، بەڵام پەیوەندی و ئاراستە خراپەکان و بارودۆخی نەگونجاو خراپ وەکو چاودێری زیاد لە پێویست یان فەرامۆشکردن و دیکتاتۆری و سەپاندنی نێر بەسەر مێدا یاخود بە پێچەوانەوە یان منداڵی گەورە یان بچووك بەسەر یەکتردا بسەپێنرێن کاریگەری خراپ دەکاتە سەر گەشەکردن و دروستی دەرونی منداڵ.

سێیەم/ پەیوەندی نێوان براکان: گونجاوی پەیوەندیەکانی نێوان براکان دوور لە سەپاندنی منداڵێك بەسەر منداڵێکی تر و دور لە بەربەرەکانی دەبێتە هۆی گەشەکردنی دەرونی منداڵ بەشێوەیەکی گونجاو، هەروەها ئەم پرۆسەی گەشەکردنە کۆمەڵایەتیە دەبێتە هۆی گەشەکردنی دەرونی بەشێوەیەکی باش (المالك و نوفل، ٢٠٠٦: ٨٧ – ٨٩).

٢-٥- هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەو دروستبوونی کێشە خێزانییەکان

١. شڵەژانی کەسایەتی یەکێك لە هاوسەرەکان یان هەردووکیان: هەندێ نیشانە و سیفاتی کەسایەتی هەن، ئەگەر لەیەکێك لە هاوسەرەکاندا هەبێ، ئەوا بەرەو ناحاڵیبوون و کێشەیان دەبات، لەوانە (کەسێتی پارانوی، کەسێتی نێرگزی،...هتد)(کەریم، ٢٠١٥: ٦٢).

٢. نەگوونجان لەگەڵ یەکتری کاتێک ژن و مێرد ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە یەکێک لەوانە نەگونجانە ئەمە کاتێک سەرهەڵدەدات، کە هەریەکێک لە هاوسەرەکان باس لە خود و خواست و پێداویستیەکانی خۆی دەکات بەبێ لە بەرچاو گرتنی خواست و پێداویستەکانی بەرامبەرەکەی (خەلیل،٢٠٠٧: ٢٢٢) یان ناتەبایی حەزی

سێکسی، ئەوەش دەبێتە هۆی زیاتر بوونی ناکۆکیەکان و گەیشتن بە شوێنێک کە ئەستەم بێت پێکەوە هەڵبکەن(محمود، ٢٠١٤: ٢٤٨)، بە پێی توێژینەوەی (قەرەداغی، ٢٠١٥) دەرکەوتوە کە نزمی ئاستی هۆشیاری فاکتەرێکی کاریگەرە لە دروستبوونی ناکۆکی نێوان هاوسەران دا(قەرەداغی،٢٠١٥: ٤٥)، هەروەها نەگونجان و نەژیان لەگەڵ کەسی تردا، هەندێ کەس هەن هۆگری تەنیایین، ناتوانێ هەبوونی کەسێکی تر لە ژیانیاندا پەسەند بکەن، وادەزانن هەبوونی هاوسەرێك لە ژیانیاندا دەبێتە ڕێگرو بەربەست لەبەردەم ئازادی و کارەکانییان، لەبەر ئەو وێناکردن و بۆچوونە هەڵانە لە هاوسەرگیری ڕادەکەن یان خێزانەکانیان بەرەو لێکترازان دەبەن (کەریم، ٢٠١٥: ٦٢)

٣. هاوسەرێتی پێشوەخت: هۆکارەکانی پێکهێنانی ئەم جۆرە هاوسەریە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، لە کوردستان بەتایبەت دەگەڕێتەوە بۆ ترسی کچان لە داهاتوو قسەی کۆمەڵگا، کاریگەری ئەنتەرنێت و مۆبایل لەسەریان، دوای چونە ناو ژیانی هاوسەری ئامادەنین لە ڕووی هزری و جەستەییەوە ناتوانن ئەرکەکانی خێزان ڕاپەڕێنن (والی و ئەوانیتر، ٢٠١٦: ٣١).

٤. منداڵ نەبوون و هێنانی ژنی دووەم: ئەمەش دوو فاکتەری گرنگن بۆ جیابوونەوە چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی ژیانی هاوسەری پەیوەندی بە نەوە خستنەوەوە هەیە، هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکان هێنانی ژنی دووەم بووە جا بەبێ ئاگاداری ژنی یەکەم بوبێت یان بەئاگاداری بووبێت، لەم حاڵەتەشدا زۆرجار ژنی یەکەم پەنای بردۆتە بەرجیا بوونەوە (سیامەند، ٢٠١٨: ٨٦)

٥. خیانەتی هاوسەری: یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی جیابوونەوەی هاوسەران، بەتایبەت ئەو هاوسەرانەی کە بەزۆر لەگەڵ یەکتری ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن ئەگەری زۆرە خیانەتی هاوسەری ڕوبدات، یان هەندێجار یەکێک لە هاوسەرەکان واگومان دەکات کە هاوسەرەکەی خیانەتی لێدەکات ئەویش وەک تۆڵەکردنەوەیەک کاردانەوەیەک خیانەت دەکات، یان لاوازی لایەنی سێکسی کە ئەمەش یەکێکە لەهۆکارەکانی خیانەتی هاوسەری (نامق، ٢٠١٤: ٦٩) جگە لەوانە کرانەوەی کوردستان بە ڕووی دنیاو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خیانەتی ناودراماکان ڕۆڵی زۆر دەگێڕن لە زۆر بوونی ناپاکی هاوسەری.

٦. ئالوودەبوون بە مادە هۆش بەرەکان : توشبوونی یەکێک لە هاوسەرەکان ئالوودەبوون بە مادە هۆش بەرەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان (عبداللە، ٢٠١٤: ٨٢).

٧. دەستتێوەردان لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە: ئەو دەستتێوەردانانەی لە ژیانی هاوسەرەکان لەلایەن خێزانەکانیانەوە (ماڵە باوانیانەوە) دەکرێ، دەست لەکارەکانیان وەردەدەن، جاری وا هەیە ئەو دەستتێوەردانانە بۆیان دەگونجێ و بەخێر دەشکێتەوە، بەڵام جاری واش هەیە کاردانەوەو شوێنەواری خراپ بەجێدێڵێ (ال عبداللە، ٢٠١٤: ٢٤٥)

٨. فشاری ئابووری و زۆر خەریکبوون بە ماڵ و سامان: ئەگەر لەلای هەریەکێك لە هاوسەرەکان ژیان تەنیا بریتی بێ لە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و پارە، بەبێ گوێدانە لایەنەکانی تری ژیان، ئەوە کاردانەوەی باشی نابێ.

٩. هەژاری و نەداری: هەژاری یەکێکە لە بەڵا زۆر گەورەکان، ئەگەر بێت و هاوسەرەکان نەتوانن خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، زۆرجار هەژاری دەبێتە هۆی هەستکردن بەکەمی و تێکچوونی هاوسەنگی دەرونی و هەروەها نەگونجان لەگەڵ دەوروبەردا (کەریم، ٢٠١٥: ٦٣).

٢-٦- دراما

دراما وشەیەکی گریکی کۆنە بەمانا زمانەوانیەکەی مانایی (کار) یان (کارکردن)ی بەخشیوە وشەکە لە بنچینەدا (dromena) بووە واتە کاردەکات، بەدرێژایی مێژوو ئەم وشەیە بوە بە (drama- کارکردن)، ئێستا دراما ڕاستەوخۆ ئەو چیرۆکە هونەریانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی وا داڕێژرابێ هەموو مەرجە سەرەکیەکانی هونەریان تیا هاتبێتە دی، بۆئەوەی بگونجێ بە هۆی ئەکتەرەوە بخرێتەڕوو (هەورامی، ٢٠٠١: ٩). پێشکەوتنی دارما لەگەڵ سەرهەڵدانی تەلەفزیۆندا زیادی کردووە، دراما تەلەفزیۆنییەکان جۆرێک لە دەقی ئەدەبی تێدا نمایش کراوە، چونکە هەندێک لە دراماکان ئیلهام لە چیرۆک و ڕۆمانە ئەدەبیەکان وەردەگرن (حمودة، ١٩٨٢: ٧٧).

بەپێی ئامرازە هاوچەرخەکانی پەیوەندی دەنگ و ڕەنگ، جوڵێنەرێکی سەرەکی ڕەفتاری تاکە کەسن، ڕەفتاریش هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، وەک کردار، وشە و بیرۆکە کە لە پاڵنەر و غەریزە و پێداویستی دەروونی پێکهاتووە، دراما دۆبلاژکراوە تورکییەکان بۆتە هۆی وروژاندنی گفتوگۆیەکی زۆر لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەییەکان بە تایبەت لە نێوان ڕەخنە گران و ڕەت کەرەوەکاندا، سەیرکردنی پەخشی سەتەلایتەکان لەوانە زنجیرە دۆبلاژکراوە تورکییەکان، ڕەفتارێکە لەلایەن هەندێک لەو ئامرازانەوە دەجوڵێنرێت (قطوس، ٢٠١٥: ٣).

شوێنی ڕووداوەکان و ئامانجی ڕووداوەکان، یەکێک لەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەر بووە بۆ ڕاکێشانی دراما تەلەفزیۆنییەکان (شولي و بحلق، ٢٠١٨: ١٣). هەروەها تایبەتمەندی کارەکتەرەکان جل و بەرگ و شێوازی ڕازاندنەوەی کارەکتەرەکان، ئەو ئامرازانەی کە تێیدا بەکاردێت وەک سەیارە و خانوو یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی کەوادەکات بینەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت (شاهین، ٢٠١٤: ٨٦).

درامای تەلەفزیۆنی: ئەو ڕووداوە یەک لەدوایەکانەیە کە سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، یان چیرۆکێکی درێژە کۆمەڵێک ڕووداوی ئاڵۆز تێیدا، وە بەهایەکی تەکنیکی و ڕۆشنبیری بۆ بینەر پێشکەش دەکات، کە لە کۆتایی دەگات بە کۆمەڵێک ڕێنیشاندەر (الطرطور، ٢٠٠٤: ١٧)، کە چەند جۆرێك لە خۆ دەگرێت لەوانە:

١. درامای کۆمەڵایەتی: شێوە هونەرێکە، لەسەر بنەمای وێناکردنی چیرۆکێک کە لە لایەن نووسەرێکەوەیە لە ڕێگەی

دیالۆگێک لەلایەن ئەو کەسایەتیانەی کە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوێک هەیە، یان ڕووداو دروست دەکات و بەشداری لە چوارچێوەیەکی زۆر و ئاڵۆزیدا دەکات (قطوس، ٢٠١٥: ٨).

٢. درامای وەرگێڕدراو: ئەو زنجیرەی کە بە زمانێکی بیانی نوسراوە لەلایەن کۆمەڵێک ئەکتەری بیانی پیشان دراوە، وەرگێڕدراوە بۆ زمانێکی تر، لە وەرگێڕانی وشەکانیان بە دەنگەوە دێت، بۆ ئەوەی بینەر لە ڕووداوەکان تێی بگات (شولي و بحلق، ٢٠١٨: ٢٨).

٣. دۆبلاژکردنی دۆبلاژ: گواستنەوەی فیلمەکە لە زمانی ڕەسەنی خۆی بۆ زمانێکی تر لە ڕێگەی زیادکردنی دەنگە، بە (ڤێرژنی نمایش) ناودەبرێت و ئەم بیرۆکەیەش لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی نیشتیمان پەروەری، شانازیکردن بە زمانی نیشتیمانەوە تا بینەران لە ڕووداوەکانی ناو دراماکە تێبگەن (حجاب، ٢٠١٤: ١٢٣٠).

٢-٧- تایبەتمەندی دراما تورکیە وەرگێڕدراوەکان

١. درێژی دراماکان کە ڕەنگە هەندێجار چەندین مانگ بخایەنێت بە هۆی درێژبوونەی ڕووداواەکانی ناو دراماکەوە ئەمەش وادەکات بینەر زۆر هۆگری خۆی بکات وابکات ماوەیەکی زۆر بینەری بێت و کاتێکی زۆری لێبگرێت.

٢. پیشاندانی سۆزو خۆشەویستی زیاد لە ڕادەی خۆی، کە ڕەنگە ئەو سۆز و خۆشەویستە لە ژیانی واقعی بوونی نەبێت.

٣. پیشاندانی بابەتەکانی دووڕووی و فێڵ و پلانگێڕی...هتد، بەکارێکی ئاسایی.

٤. بەکارهێنانی ئەکتەری کچ و گرنگیدان بە لایەنی وروژێنەری جەستەیی و جوانی و جل و بەرگیان(مزاهرة، ٢٠١١: ٧٨).

٢-٨- کاریگەری دراماتورکیە وەرگێڕدراوەکان

یەکەم: کاریگەریە خێزانیەکان

١. هاندانی ژنان بۆ خیانەت لە هاوسەرەکانیان، بەبیانوی خۆشەویستی کەسانی تر.

٢. هاندانی ژنان بۆ ئەوەی لە دژی هاوسەرەکانیان یاخی بن.

٣. هاندان و قبوڵکردنی پەیوەندی خۆشەویستی، ئەکتەرێک لەگەڵ دایکی یان خوشکی یان کچەکەی.

٤. زۆر سروشتیشە لەم زنجیرە درامایانەدا لەباربردنی منداڵ هەبێت، کە بە هەموو یاساکانی جیهان و هەموو ئاراستە دینی و عەلمانییەکانیەوە قەدەغەیە (تەنها لەحاڵەتی تایبەت نەبێ) بەڵام لەم زنجیرە درامایانەدا وەک چارەسەرێک بۆ کێشەیەک پراکتیزە دەکرێت.

٥. بێ ڕێزیکردن بە دایک و باوک کارێکی ئاساییە لە ناو دراماکاندا.

٦. هاندانی کچان و کوڕانی هەرزەکار لەسەر مانەوەیان لە دەرەوەی خێزان بەبیانوی ئازادی (السلیمان، ٢٠٠٩: ١٠١).

دووەم: کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی

١. هاندان و قبوڵکردنی پەیوەندی قەدەغە(زینا) لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی.

٢. بەئاسایی سەیرکردنی لادانە کۆمەڵایەتیەکان لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا.

٣. قومارکردن وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی دارایی.

٤. بەئاسایی سەیرکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی دووگیانی تەڵاق دراو کە دووگیانیەکەی کۆتایی پێنەهاتووە.

٥. پیرۆزکردنی درۆ وپیشاندانی وەک کۆتایی مانا(تمراز، ٢٠١٦: ٤٢)

٦. بەئاسایی سەیرکردنی خواردنەوەی کحول و جگەرەکێشان لەلای ژنان (البشر، ٢٠٠٥: ٩)

٢-٩- کۆمەڵێک کاریگەری تری دراما تورکیە وەرگێڕدراوەکان

١. بەفیڕدانی کاتێکی زۆر.

٢. وروژاندنی بینەر لە ڕێگەی درێژکردنەوەی دیمەنە ڕۆمانسیەکان و گەورەکردنیان بەشێوەیەک کە دوورە لە واقع.

٣. پیشاندانی دیمەنی نەشاز کە پێچەوانەیە لەگەڵ بە هاو کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان.

٤. لاسایکردنەوەی ئەکتەرەکان لەلایەن ژنانەوە، لە جل و بەرگ و مکیاج و شێوازی قژیان...هتد (تمراز، ٢٠١٦: ٤٣).

**٢-١٠- توێژینەوەکانی پێشوو**

| ژ | ناوی توێژەرو ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | نموونەی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شولی و بحلق ( ٢٠١٨ ) کاریگەری دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان لەسەر ڕەفتاری هەرزەکار لە لایەنی کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەوە | زانینی ئاستی سەیرکردنی دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان لای کۆمەڵگای توێژینەوە زانینی ئاستی کاریگەری دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان لەسەر ڕەوشتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەلایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە | خوێندکارانی قوتابخانەی بنەڕتی پۆلی (٧-٩) | ڕاپرسی | دەرکەوت کە بەئاشکرا دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر ڕەفتاری هەرزەکاران، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەو وێنەی جەستەیی ئەکتەرەکان و سەیرکردنێکی سۆزدارانە لە لایەن هەرزەکارانەوە |
| ٢ | أسامە ( ٢٠١٧ ) کاریگەری دراما تورکیەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ | زانینی کاریگەری دراما تورکیەکان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی | خوێندکارانی زانکۆ | ڕاپرسی | بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوت کە دراما تورکیەکان کاریگەریان هەیە لەسەر خوێندکاران لەڕووی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە |

**٣- لایەنی مەیدانی توێژینەوە**

**٣-١- میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا توێژەران میتۆدی ڕووپێوی(وەصفی)یان بەکارهێناوە کە دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانە، بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردەیی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، لەبەر ئەوەی میتۆدی وەسفی گرنگی دەدات بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر دیاردەکان بە شێوەیەکی چەندێتی و چۆنیەتی لە ئێستا (الداهری والکبیسي، ١٩٩٩: ١٢).**

**٣-٢- کۆمەڵگەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم پارێزەرانی سنوری فەرمانگەی دادوەری ڕانیە و حاجیاوا کە پێکهاتوە لە (١٨٠) پارێزەر.**

**٣-٣- نموونەی توێژینەوە: بۆ هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە توێژەران بەشێوازێکی هەڕەمەکی سادە نموونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد کە پێکهاتبوو لە ( ٧٠ ) پارێزەر، وەك لە خشتەی (١) دا هاتوە.**

**خشتەی ١ پیشاندانی نموونەی توێژینەوە**

| ڕەگەز | ژمارەی پارێزەر | |
|---|---|---|
| نێر | ٤٢ | ٧٠ |
| مێ | ٢٨ | |

**٣-٤- ئامرازی توێژینەوە: توێژەران بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەستان بە ئامادەکردنی پێوەرێک لەسەر (ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێڕدراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانیەکان) بەسود وەرگرتن لە پێوەری (أسامة،٢٠١٧)، کە لە (٢٢)برگە پێکهاتبوو، بژاردەکانی پێوەرەکە بریتیبوون لە (هەمیشە، زۆرجار، هەندێ جار،بەدەگمەن، هەرگیز)، دواتر لە هەنگاوەکانی تردا تایبەتمەندی پێوەری زانستی بۆ دەرهێنرا کە راستگۆی و جێگیری لەخۆ دەگرێت.**

١. ڕاستگۆی: توێژەران بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆی پشتیان بەست بەڕێگای ڕاستگۆی ڕواڵەت کە بریتییە لەتوانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاریدەیەی کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات (بۆکانی، ٢٠١٦: ١٧٤) بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەستان بە دابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر (٥) شارەزایانی لە بواری دەروونزانی لە بەشی باخچەی ساوایان. دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان، برگەکانی ( ١و ٧و ٨) پێوەرەکە گۆڕانکاریان بەسەر هات هەموو برگەکانی تر وەك خۆیان مانەوە بەڕێژەی لە (٩٠%) بەرەوسەر ڕازیبوونی پسپۆرانی بەدەست هێنا.

٢. جێگیری: جێگیری، یەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازەکانی توێژینەوە کە پێویستە بەر لەوەی ئامرازەکە جێبەجێ بکرێت دڵنیابین لە بوونی جێگیریەکەی، چونکە ئەو ئامرازەی کە ناجێگیرە و هەر جارەو ئەنجامێك بە دەستەوە دەدات، ناکرێ پشتی پێ ببەستین وبڕوا بە ئەنجامەکانی بکەین وتوێژینەوەکەش جێگای گومانەو تەنها بە فیڕۆدانی کات وتێچوون وماندوو بون وهیچی تر. بۆیە جێگیری پێوەر بەومانایە دێت کە ئامرازە کە (چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی، ...هتد) چەندجار لەگەڵ هەمان گرووپ وسامپڵ و لە هەمان هەل ومەرجدا جێبەجێ بکرێت، ئەبێت هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات (بۆکانی، ٢٠١٦: ١٧٧)، وە بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری ئەم توێژینەوەی پشتمان بەست بە جێگیری لە ڕێگەی الفاکرونباخ کە بەهاکەی (٠.٩١) کە ئەمەش ئاستێکی بەرزە بۆ جێگیری پێوەری دەروونی و کۆمەلایەتی.

٣-٥- جێبەجێکردنی پێوەری کۆتایی: دوای تەواو بوون سەرجەم ڕێککارە زانستیەکانی ئامادەکردنی پێوەرێکی دەروونی بۆ پێوانی دیاردەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی پێوەری توێژینەوەکە ئامادەبوو کە لە (٢٢) برگە و بە پێنج بژاردە (هەمیشە، زۆرجار، هەندێ جار، بەدەگمەن، هەرگیز) پێکدێت بەم شێوەی برگەکانی (١تاوەکو ١١ و لەگەڵ برگەی ٢١) ئەرێنین بەهاکەیان بەم شێوەیە دانراوە بە پێی بژاردەکان (١، ٢، ٣، ٤، ٥) بە ریزبەندی وە هەروەها برگەکانی (١٢ تاوەکو ٢٠ لەگەڵ ٢٢) برگەی نەرێنین و بەهاکەیان بە پێچەوانەی برگە ئەرێنیەکان دانراوە بۆ شیکردانەوەی داتاکان.

٣-٦- کەرەستە ئاماریەکان

١. الفاکرونباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری .

٢. T-testبۆ یەك نمونەی سەربەخۆ و دوو نمونەی سەبەخۆ.

٤- ١- خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوە وگفتوگۆ کردنیان

لەم بەشەدا سەرجەم ئەو ئەنجامانە دەخەینەڕوو کە بەدەستمان هێناون لەڕێگەی ئەو داتایانەی کە بە ئامرازی توێژینەوەکە کۆکراونەتەوە بە بەکارهێنانی پرۆگرامی SPSS بۆ شیکرنەوەی داتاکان.

٤- ١- ١- زانینی ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە.

دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە نمونەی توێژینەکەمان ژمارەیان (٧٠) پارێزەرە، وە دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەییان و بەراوردکردنی بە ناوەندی گریمانەیی، بەم شێوەیە بوو: ناوەندی ژمێرەیی (٩٣.١٣٢) بە لادانی پێوەری (١٣.٢٠٢) بە بەروادرکردنی بە ناوەندی گریمانەیی کە بەهاکەی (٦٦) نیشان دەدات، بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەداریی ئاماریی پشتمان بەستووە بە (T.Test) کە بۆ یەک نمونەی سەربەخۆ بەهاکەی (١٦.٩٤٧) بوو. کە بەپێی پرۆگرامی SPSS بەڵگەداریی ئاماریی هەیە، لەخشتەی (٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ٢ ئەنجامی ناوەندە ژمێرەو لادانی پێوەری بەشێوەیەکی گشتی لای نموونەی توێژینەوە

| گۆڕاو | ن | ناوەندی گریمانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەر | T.Test | بەڵگەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان | ٧٠ | ٦٦ | ٩٣,١٣٢ | ١٣,٢٠٢ | ١٦,٩٤٧ | لە ٠.٠٥ هەیە |

بەپێی ئەنجامی خشتەی سەرەوە لەبەر ئەوەی کە ناوەندە ژمیرەیی بەرزترە لە ناوەندە گریمانەی کەواتە ئەنجامەکە ئەوە دەردەخات کە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان ڕۆڵی نەرێنی دەگێرن لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانیەکان بە شیوەیەکی گشتی، ئەمەش بە بڕوای تویژەران لەگەڵ ئەنجامی ئێستای ناو کۆمەڵگای کوردی هاوتایە لەبەر ئەوەی چەندان گرفتی خێزانی لە ناو خێزانەکان دەبینرێت دەبرێتە بەردەم دادگاکان کە لەئەنجامی جێبەجێکردنی پێوەرەکە پاریزەران ئاماژەیان پێدا کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناراستەخۆ هۆکارەکەی ئەم درامایانەن کە دەرئەنجامی ئەوەن کە کلتور پێشکەشکراو زۆر لە کلتوری ئەم ناوچەیە دورە، هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ پیشاندانی ئەکتەرەکان لە ڕووی جەستە و باڵا و شێوازی جل و بەرگ و شێوازی ئۆتۆمبێلیان کە لە دراماکاندا بەشێوەیەی سەرنج ڕاکێش پیشان دەدرێت کە دوورە لە ژیانی واقعی کۆمەڵایەتی کاتێك کەسەکان هەوڵدەدەن لاسای بکاتەوە توشی کێشە دەبێت چونکە ئەوە زیاتر ژیانێکی خەیاڵیەوە دوورە لە ئەزموونی واقعی و کۆمەڵایەتی کوردی، هەروەها نزمی ئاستی هۆشیاری خێزان و تاکی کوردی کە لە سەیرکردنی ئەو درامیانەوە لاسایکردنەوەیان لە لایەن ئەندامانی خێزانەوە بێ ڕەچاوکردنی هیچ تایبەتمەندیەك ناکرێت لە ناو خێزانەکاندا لەکاتی سەیرکردنی ئەو درامایانە وە، ئەم ئەنجامە هاو ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (شولی و بحلق، ٢٠١٨ ) و (أسامة، ٢٠١٧).

**٤- ١- ٢- زانینی جیاوازی ئاستی ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێڕدراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی پارێزەر.**

بەمەبەستی دەرهێنانی ئەم ئامانجە هەستاین بە بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەیی پارێزەرانی (نێر و مێ) کە ژمارەی پارێزەرە نێرەکان ( ٤٢ ) بوو و ناوەندی ژمێرەییان ( ٩٢,٣٨١ ) بوو. لادانی پێوەرییان ( ١٢,٥١٧ ) بوو، پارێزەرە مێیەکان کە ژمارەیان ( ٢٨ ) بوو و ناوەندی ژمێرەییان ( ٩٤,٣٤٦ ) بوو و لادانی پێوەرییان ( ١٤,٤١٠ ) بوو، کە ناوەندی ژمێرەیی پارێزەرەی مێ زیاترە لە پارێزەری نێر، بەڵام بە بەکارهێنانی (T.Test) بۆ ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی ئەم ئەنجامە بەڵگەداریی ئاماریی نیە، واتە جیاوازیی نیە بەپێی ڕەگەز وەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ٣ جیاوازی ئاستی ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێڕدراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)**

| ڕەگەز | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەر | T.Test | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٤٢ | ٩٢,٣٨١ | ١٢,٥١٧ | ٠,٥٩٤ | نیەتی لە ٠.٠٥ |
| مێ | ٢٨ | ٩٤,٣٤٦ | ١٤,٤١٠ | | |

ئەنجامی خشتەی سەرەوە هەرچەند ناوەندە ژمێرەی مێیەکان بەرزترە لە نێرەکان بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئەنجامە بەڵگەداری ئاماری نیە کەواتەوە جیاوازییەکان هەژمارکراو نیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پاریزەران بە پێی گوڕاوی ڕەگەز بۆچونیان ناگۆڕیت لەسەر ئەوەی کە دراما تورکیە وەرگێڕدراوەکان ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕن لە تێکدانی پەیوەندیەکان، چونکە هەردوو ڕەگەز بەردەوام ڕووبەرووی هەمان بارودۆخ دەبنەوە کاتێك دەبینن کە کێشەی ناوخێزانەکان بەشێکیان ڕەگدانەوەی لاسایکردنەوەی ئەو درامایانەن.

٤-٢- ڕاسپاردەکان

لە ژێر ڕۆشنای ئەنجامەکان ئەم چەند پێشنیارە دەخەینە ڕوو

١. چاودێریکردنی دراماکانی تەلەفزیۆن ڕێگەنەدان بە پێشکەشکردنی ئەو درامایانەی کە دەبێتە هۆی درووست بوونی کێشە لەناو خێزانەکاندا
٢. دانانی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە ستافی تەلەفزیۆنەکان بۆئەوەی هەردرامایەك پێشکەش کرێت پێشتر بە فلتەری ئەواندا بڕوات هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.
٣. ڕەچاوکردنی کاتەکان لە پێشکەشکردنی دراماکاندا بە جۆرێك بێت کاتێك پێشکەش بکرێن کە منداڵ و هەرزەکار لە خەودابن.
٤. چاودێری ئەو درامایانەی کە پێشکەش دەکرێت لەکەناڵەکان چونکە هەندێکیان لەگەڵ کلتور و بەهای کۆمەڵایەتی ناگونجێ، دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لەناو خێزانەکان.
٥. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خێزانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە پێویستە خێزانەکان زۆرینەی کاتەکانیان لەگەڵ منداڵەکانیان بەسەربەرن نەك بەدیار سەیرکردنی دراماکان.

٤-٣- پێشنیارەکان

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی دراما تورکیە وەرگێڕدراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی ئاینیەوە.
٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی دراما بیانیە وەرگێڕدراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە.
٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی دراما وەرگێڕدراوەکان لە تێکدانی ڕەفتاری هەرزەکاران لە ڕوانگەی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی.
٤. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی دراماتورکیە وەرگێڕدراوەکان لەسەر ژنی ماڵەوە.
٥. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی دراماتورکیە وەرگێڕدراوەکان لەبڵاوکردنەوەی کلتوری دژە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە.
٦. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی دراما وەرگێڕدراوەکان لە تێکدانی ڕەفتاری خوێندکارانی زانکۆ.

لیستی سەرچاوەکان

لیستی سەرچاوە کوردیەکان


١. ال عبدالله، محمد بن محمود (٢٠١٤) ڕۆڵی خێزان لە پێگەیانی کۆمەڵایەتیدا، (وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢. بۆکانی، سابیر بکر (٢٠١٦) میتودی توژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی.
٣. جگەرسۆز، محمد صالح پێندرۆیی (٢٠١٥) ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابیاندا، چاپی یەکەم، چابخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر.
٤. خەلیل، مەعن (٢٠٠٧) کۆمەڵناسی خێزان وەرگێڕانی (ئارام ئەمین جلال) دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریان، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٥. سایەمەند، سەرباز (٢٠١٨) تەڵاق و لێک جیابوونەوە، چاپخانەی شهاب، هەولێر.
٦. عبدالله، فەوزیە (٢٠١٤) دیاردەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ، گۆڤاری شیکار ژمارە(٦ - ٧) ٢٠١٤.
٧. قەرەداغی، مهابات (٢٠١٥) هەڵوەشاندنەوەی خێزان لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری شیکار، ساڵی (٣) ژمارە (٩) ٢٠١٥
٨. کەریم، دانا سەلام (٢٠١٥) هۆکارەکانی تێکچوونی ژیانی هاوسەران، گۆڤاری شیکار، ساڵی (٣) ژمارە (٩) ٢٠١٥
٩. محمود، محمد (٢٠١٤) دەروونزانی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر.
١٠. نامق، بێلان تەڵعەت (٢٠١٤) هۆکارە کۆمەلایەتیەکانی دیاردەی ناپاکی هاوسەرگیر، گۆڤاری شیکار ژمارە (٦ - ٧) ٢٠١٤
١١. هەورامی، حمەکریم (٢٠٠١) درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٢. والی، تەها حوسێن و ئەوانیتر (٢٠١٦) هاوسەرگیری پێش وەختە، لە بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و ئاژانسی (unfear) سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان، هەولێر.


لیستی سەرچاوە عەربیەکان


١٣. أبو السعود، مي أحمد (٢٠١٥) المسئولية الإجتماعية للدراما التلفزيونية المصرية دراسة تحليلية لعينة من المسلسلات الرمضانية، المجلة العلمية لبحوث الإذاعة و التليفزيون- العدد الثالث، ٢٠١٥.
١٤. أسامة، سديرة (٢٠١٧) تأثير الدراما التركية على القيم الاجتماعية لدى الطالبات الجامعيات، دراسة ميدانية على عينة من طالبات علوم و الاتصال بجامعة محمد الشريف مساعدية سوق أهراس، رسالة الماجستير غير المنشورة، كلية العلوم الاجتماعي والإنسانية، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي.

١٥. البشر، خالد بن سعود (٢٠٠٥) أفلام العنف والإباحة وعلاقتهما بالجريمة، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض.

١٦. بن صالح، نجاة (٢٠١٧) الدراما التركية المدبلجة و آثارها في سلوك المرأة الجزائرية (دراسة مسحية على عينة من النساء مدينة المسيلة أنموذجا)، مجلة الباحث الاعلامي، عدد٣١، ٢٠١٧

١٧. بوحمده، ليلى (٢٠١٧) تأثير المسلسلات التركية على قيم الشباب"دراسة ميدانية على طلبة سنة ثالثة علم اجتماع بجامعة الشهيد حمه لخضر الوادي" رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة الشهيد حمه لخضر الوادي، كلية العلوم الاجتماعية و الإنسانية، قسم العلوم الاجتماعية.

١٨. تمراز، سهر (٢٠١٦) أثر المسلسلات المدبلجة على طلبة الجامعات في قطاع غزة " جامعة فلسطين نموذجا، رسالة الماجستير غير المنشورة ،كلية التصال والإعلام، جامعة فلسطين – غزة.

١٩. الجوهرى، عبدالهادى (١٩٩٨) اصول علم الاجتماع ، المكتب الجامعى الحديث.

٢٠. حجاب، محمد منير (٢٠١٤) المعجم الإعلامي، المجلد الثالث: دار الفجر، القاهرة.

٢١. حسن، جابر عوض (٢٠٠٠) الاتجاهات المعاصرة في دراسة الأسرة والطفولة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.

٢٢. حمودة، عبدالعزيز (١٩٨٢) البناء الدرامي : مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

٢٣. خديجه، حسنى و أمينه، حناشى (٢٠٢٠) تأثير التعرض للدرما التلفزيونية على إدراك الشباب الجزائري للواقع، دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة محمد خيضر- بسكرة المتابعين لمسلسل "أولاد الحلال" رسالة ماجستير غير منشورة، قسم العلوم الإنسانية، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية قطب شتمة، جامعة محمد خيضر بسكرة.

٢٤. الخميسي، السيد سلامة ( ٢٠٠٠) التربية والمدرسة والمعلم (قراءة اجتماعية ثقافية )، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية(مصر).

٢٥. الدليمي، مؤيد خلف حسين و حسين، عماد خلف حسين (٢٠١٦) تأثير المسلسلات التركية المدبلجة في سلوك و اتجاهات الجمهور العراقي، مجلة الباحث الاعلامي، عدد٣١، ٢٠١٦

٢٦. الداهرى ، صالح حسن احمد و الكبيسي ، وهيب مجيد (١٩٩٩) علم النفس عام، ط١، دار الكندي، للنشر و التوزيع ، اربد، الاردن.

٢٧. السليمان، سعود بن عبدالعزيز (٢٠٠٩) دور الإعلام في تغيير سلوكيات المجتمع، مقال ، ٢٨ اكتوبر – العدد٢٥٢٠٢

٢٨. شاهين، احمد سيف (٢٠١٤) مشاهدة الدراما التلفزيونية (المدبلجة) و علاقتها ببعض الحاجات النفسية لدى المراهقين "دراسة الميدانية على عينة من طلاب مرحلة التعليم الثانوي في مدارس محافظة دمشق" رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة دمشق، كلية التربية، قسم علم النفس.

٢٩. شولي، رهف و بحلق، أسما (٢٠١٨) أثر المسلسلات التركية المدبلجة على سلوك المراهقات من الناحية الاجتماعية و العطفية و الدراسية (مدينة نابلس و قرية سبسطية نموذجا)، dl.handle.net/20.500.11888/13361

٣٠. الصديقي، سلوى عثمان وآخرون (٢٠٠٤) قضايا الأسرة والسكان من منظور الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث، الأزاريطة الاسكندرية، مصر.

٣١. الطرطور، صابرين إبرا هيم (٢٠٠٤) اتجاهات طلبة جامعات غزة نحو مشاهدة المسلسلات الرمضانية المصرية في الفضائيات العربية(بحث منشور)، الجامعةالإسلامية، غزة.

٣٢. طوال، هيبه (٢٠١٩) تأثير المسلسلات التركيه المقدمه فى الفضائيات العربيه على تغيير نمض الأثاث فى البيوت الجزائيريه، جامعه زبان عاشور، الجلفه، مجله افاق للعلوم، العدد ١٧، ٢٠١٩- المجلد ٠٥.

٣٣. العبسي، اسماعيل عبدالحافظ (٢٠١٣) استراتيجية الاتصال الثقافي دراما المسلسلات التلفزيونية العربية نموذج (اليمن، الجزائر، مصر، سورية) دراسة تحليلية مقارنة، رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسيةوالاعلام، قسم علوم الاعلام والاتصال.

٣٤. علي، ليلة (٢٠٠٦) الطفل والمجتمع (التنشئة الاجتماعية وأبعاد الانتماء الاجتماعي)، المكتبة المصرية، الاسكندرية(مصر).

٣٥. علي، أميرة منصور يوسف(٢٠٠٥) محاضرات في قضايا السكان والأسرة والطفولة، دار الفكر، الأردن.

٣٦. قانون المحاماة رقم (١٧٣) لسنة (١٩٦٥).

٣٧. قطوس، رزان بسام (٢٠١٥) درجة تأثير الدراما الاجتماعية التركية المدبلجة على المرأة الأردنية في محافظة إربد نموذجاً ( دراسة ميدانية) رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الأوسط، كلية الاعلام.

٣٨. كمال، طارق (٢٠٠٥) الأسرة ومشاكل الحياة العائلية، مؤسسة شباب الجامعة، الإسكندرية، مصر.

٣٩. المالك، حصه بنت صالح و نوفل، ربيع محمود ( ٢٠٠٦ ) العلاقات الاسريه، الطبعه الأولى، دار الزهراء للنشر و التوزيع .

٤٠. المحمدي، انتصار غازي متروك (٢٠٢٠) أثر مشاهدة المسلسلات التركية المدبلجة على لأسرة المسلمة، مجلة كلية التربية- جامعة المنصور، عدد١٠١- ابريل٢٠٢٠

٤١. مزاهرة، منال (٢٠١١) أثر المسلسلات التركية التي تعرض على القنوات الفضائية العربية على المجتمع الأردني، ( الأردن: جامعة البتراء ، كلية الآداب والعلوم الإنسانية)

٤٢. المصري، عزالدين عطية (٢٠١٠) الدراما التلفزيونية مقومتها وضوابطها الفنية، رسالة الماجستير غير منشورة، الجامعة الاسلامية غزة، كلية الاداب، قسم اللغة العربية.

٤٣. المصري، نعيم فيصل (٢٠١٣) أثر المسلسلات في القنوات الفضائية العربية على القيم لدى الشباب الجامعي الفلسطيني، مجلة الجامعة الإسلامية للبحوث الإنسانية، مجلد ٢١،عدد٢، ٢٠١٣.

٤٤. مغازى، أحمد محمد (٢٠١٦) تأثير مشاهده المسلسلات التركيه المدبلجه المقدمه فى القنوات الفضائيه العربيه على طالبات الجامعات فى محاظات غزه، Int. J. Res. Intel. Psy. 4, No. 1, (Apr. 2016)

٤٥. المناصير، أشراف محمد مازن (٢٠١١) اتجاهات طلبة الجامعات الأردنية نحو الدراما التلفزيونية في قناة MBC 1 "دراسة ميدانية في الجامعة الأردنية و جامعة البترا الخاصة" رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الأوسط، كلية الاعلام.



## ملخص البحث

إنّ الغرض من هذه الدراسة هو معرفة دور مسلسلات الدراما التركية المدبلجة في تدمير العلاقات الأسرية من وجهة نظر المحاميين، و معرفة فارق مستوى تأثير مسسلات الدراما التركية المدبلجة في هدم العلاقات الأسرية من وجهة نظر المحاميين وفقا لمتغير جنس المحامي، ولإجراء هذه الدراسة قام الباحثون بإعداد المقياس بالاعتماد على المقياس بحث (أسامة، ٢٠١٧) وبالاستفادة من الأدبيات السابقة.

إنّ حدود هذه الدراسة تتكون من محامي دائرتي محكمة رانية ومحكمة حاجياوا لعام ٢٠٢١، والمكوّن من ١٨٠ محاميا، بعد ذلك تم اختيار (٧٠) محامياً بطريقة عشوائية بسيطة من كلتا دائرتي محكمة رانية ومحكمة حاجياوا، وأهم الوسائل الإحصائية المستخدمة في الدراسة: الفاكرونباخ لاستخراج ثبات، و T.Testالعينة مستقلة و لعينتين مستقلتين لتحليل بيانات البحث، وبعد جمع البيانات وإدراجها في الحقيبة الإحصائية(SPSS) ، فقد اظهرت النتائج من وجهة نظر المحاميين أنّ مسلسلات الدراما التركية المدبلجة تلعب دورا سلبيا في هدم العلاقات الأسرية، ولا يوجد فرق بين متغير جنس المحامي، وفي النهاية اعتمادا على نتائج البحث قدّم الباحثون توصيات ومقترحات.


الكلمات المفتاحية : الدراما، الدراما المدبلجة، الأسرة، الدراما التركية.


## Abstract

The aim of this study is to identify the role of dubbed Turkish drama series in the destruction of family relationships from the perspective of lawyers, and to recognize the difference in the level of the role of dubbed Turkish drama series in the destruction of family relationships from the view of lawyers according to their gender. To conduct this study, the researchers benefited from the researcher's scale (Osama, 2017) as well as previous literature. The population of this research are lawyers from courthouses of Rania and Hajiawa for 2021, which consists of 180 lawyers. After a simple random selection of (70) lawyers from all the offices of Rania and Hajiwa district, the most important statistical means used are Cronbach's alpha for extracting reability, and T-Test for an independent sample and two independent samples. Later, to analyze the research data, after the inclusion of data in the statistical package, known as (SPSS), the results revealed that from the view of lawyers dubbed Turkish drama series play a negative role in the relationship among families and there is no difference according to the gender of attorneys. In conclusion, based on the study results, a few recommendations and suggestions are offered for further research.


Keywords: Drama, Dubbed Drama, Family, Turkish Drama

**حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی ڕاپەڕین**

**سڵاوی زانست ...**
**توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی زنجیرە دراما تورکیە وەرگێردراوەکان لە تێکدانی پەیوەندیە خێزانییەکان لە ڕوانگەی پارێزەرانەوە (کەناڵەکانی کورد ماکس، نێت تیڤی، کوردماکس شۆ، بەنموونە))، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئەم پێوەرە دەخەینە بەردەستت کە لە کۆمەڵێك برگە پێکهاتوە تکایە بەوردی بیخوێنەوە لەبەرامبەر هەر برگەیەکدا چەند هەڵبژاردنێکت هەیە کام هەڵبژاردنە گونجاوە لەگەڵ بۆ چوونەکانت لە بەرامبەری نیشانی( √ ) لێبدە.**

**ئەم پێوەرە بۆ مەبەستی زانستیە، وەڵامەکانتان پارێزراوە جگە لە ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکارنایات.**

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**تکایە ئەم زانیاریانە پڕبکەرەوە پێش وەڵام دانەوە**
**ڕەگەز نێر ( ) مێ ( )**

**توێژەران**
**د.هەژار قادر ابراهیم**
**م.ی.ئارام محمد سعید**
**م.ی.سیڤان عمر إسماعیل**

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | هەندێك جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزدەکات. | | | | | |
| ٢ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ ناساندنی خوونەریتی تازە لە نێو خێزانەکاندا . | | | | | |
| ٣ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ گەشەپێدانی ڕەفتاری ئەرێنی لە نێو خێزانەکان. | | | | | |
| ٤ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتی خێزان دەدات لە دەوڵەمەندکردنی زانست و زانیاری. | | | | | |
| ٥ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوسەران. | | | | | |
| ٦ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان دەبێتە پاڵنەرێک بۆ زیاتر گرنگیدان بە خێزان و نەوەکان. | | | | | |
| ٧ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خێزانی | | | | | |
| ٨ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە خێزانیەکان . | | | | | |
| ٩ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان هۆکارێکە بۆ زیادکردنی هاوکاری لە نێوان تاکەکانی خێزاندا. | | | | | |
| ١٠ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکاندا. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستگۆی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا. | | | | | |
| ١٢ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لە نێوان خێزانەکاندا. | | | | | |
| ١٣ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە خێزانیەکان. | | | | | |
| ١٤ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان هۆکارە بۆ گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لە نێوان خێزانەکان . | | | | | |
| ١٥ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزانەکان. | | | | | |
| ١٦ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆتێکدانی پەیوەندییە خێزانیەکان و کۆمەڵگا. | | | | | |
| ١٧ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان هۆکارێکە بۆ زۆربوونی جیابوونەوەی هاوسەران(طلاق). | | | | | |
| ١٨ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی پەیوندی ناشەرعی لە نێوان ئەندامانی خێزان. | | | | | |
| ١٩ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ هەوڵی خۆکوشتن لە نێوان تاکەکانی خێزان . | | | | | |
| ٢٠ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبوونەوەی ناپاکی هاوسەری. | | | | | |
| ٢١ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان یارمەتیدەرە بۆ زیادبوونی خۆشەویستی لە نێوان خێزانەکان. | | | | | |
| ٢٢ | سەیرکردنی دراما تورکییەکان وادەکات هاوسەران کەمتر کات لەگەڵ یەکتری بەسەر بەرن لە ماڵەوە . | | | | | |